# کۆنگرەی سێهەمی حیزب و ڕۆژێك لەگەڵ ئێوە!





ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی 2005/5/22 کۆمیتەی ڕێکخراوی حیزب لە فنلاندا لە ژێر ناونیشانی کۆنگرەی سێهەمی حیزب و ڕۆژێك لەگەڵ ئێوە، کۆبوونەوەیەکی گشتی لە شێوەی گفت وگۆدا بۆ هاوڕێیان شمال علی و هەڵاڵە رافع لە شاری هلسینکی ڕێکخست. کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باسەکانی کۆنگرەی سێی حیزب کە لە ناوەراستی  مانگی نیسانی ئەمساڵدا لە شاری بەغدا گیرا. لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێیانی حیزبی و دۆست ولایەنگرانی عیراقی وئێرانی بەشداریان کرد، هەروەها نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی فنلانداش لەم کۆبوونەوەیەدا بەناوی ئێلینا یارڤێنپا بەشداری کرد.

کۆبوونەوەکە لە کاتژمێری 11ی پێش نیوەڕۆ دەستی پێکرد و سەرەتا هاوڕێ مصتەفا باهیر لێپرسراوی کۆمیتەی ڕێکخراوی فنلاندا بەخێرهاتنی لە هاوڕێیان و لە بەشدار بووان کرد و چوارچێوەی باسەکەی ناساند، دواتر هاوڕێ هەڵاڵە رافع باسی هەڵ ومەرجی گشتی عیراق و کوردستانی لەکاتی بەستنی کونگرەدا کرد وتیشکی خستە سەر دەورو نەخشی حیزبە سیاسی‌یە دەسەڵاتدارەکان و بارودۆخی ژیانی مەینەتباری خەلك و مەترسی تیرۆر و تەقینەوە و گرتن و .... کە سێبەری رەشی بە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵکدا کێشاوە، بەڵام باسەکانی هاوڕێیان و کەش و هەوای کۆنگرە پیچەوانەی ئەم سێبەرە رەشە بوو باسی لە ڕێگا چارەکانی بۆ کێشە سەرەکیانەی جەماوەری خەلکی عیراق و چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەم هەڵ ومەرجە فەلاکەتبارە و تاریکە دەکرد. هاوڕێیانێك بەشداری ئەم کۆنگرەیان کردوە کە هەر یەکە هەڵسووراوەی مەیدانێکی گرنگ لە ئەرك و خەباتێك بوون لە شوێنی ژیانی خۆیان و رابەرانی ناسراو و بەئیعتیباری بزووتنەوەی کرێکاری و ژنان و خوێندکاران و ریکخراوی بێکاران بەتایبەتی لە ناوەڕاست و خوارووی عیراقەوە هاتبوون. دواتر هاوڕێ شەماڵ باسی لە باسە سەرەکیەکانی کۆنگرە کرد و بڕیارنامە گرنگەکان و ئەنجامی ئەو باسانەی کە خرابوونە دەستووری کاری کۆنگرەوە. هاوڕێ شەمال ئاماژەی بەوە کرد کە لە کۆنگرەکەدا لایەنە سەرەکی‌یەکانی ئەو بارودۆخانەی کە دووساله عیراق وکوردستانیان کردۆتە مەیدانی ڕووداو و کیشمەکیشی سیاسی و کۆمەلایەتی گەورە، خرایە بەرباس ولیکۆلینەوە و لەو چوارچیوەیەشدا سیاسەت و ریگاچارەی دروست لەبەرامبەر  مەسەلەکانی جەنگ وداگیرکاری، تیرۆریزم وپەلامارەکانی ئیسلامی سیاسی، سازدانەوەی دەولەت وحکومەتی کاتی، کیشەی کورد ومەترسی شەری قەومی، هەژاری وچونیەتی گیرانەوەی مەدەنیەت و دەیان مەسەلەی تر ، لەروانگەی کریکاران وجەماوەری خەلکەوە خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لەباسە گرنگەکانی کۆنگرە باسی کۆنگرەی ئازادی عیراق و مەسەلەی ریفراندۆم لە کوردستاندا بوون.

بەشی دواتر پرسیارو پێشنیار و باسەکانی بەشداربووان بوو کە کۆمۆڵێکی زۆر پرسیار و باس کران و هاوڕێیان هەڵاڵە و شەماڵ وەڵامیان دایەوە و بۆچوونی خۆیان و کۆنگرەیان زیاتر شی کردەوە.

بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە باسی کۆنگرەی ئازادی عیراق کە وەك پرۆژەیەکی گرنگی سەرتاسەری بۆ گێڕانەوەی شارستانیەت بۆ کۆمەڵگای عیراق و ژیانی ئاسایش بۆ جەماوەی دانیشتووی عیراق. ئەم باسە کە بۆ بەشداربووان بەتایبەتی گرنگی زۆری پێدرا و لایەنەکانی ئەم باسە پێی لەسەر داگیرا و چۆنیەتی هەڵسووران و کارکردن بۆ ئەم مەبەستە لە وڵاتی فنلاندا تیشکی خرایە سەر. لەم باسەشدا کۆمەڵێکی زۆر پرسیار لە هاورێیان کران و باسی جۆراوجۆر بۆ بردنە پێشەوەی کارەکانی ئاراستە کران.

کۆبوونەوەکە دوای زیاتر لە چوار سەعات لەقسەو باسی چڕ وپڕ و بەشداری گەرم وگوڕ لە کاتژمێری چواری دوای نیوەڕۆدا کۆتایی هات.



حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق– ڕێکخراوی فنلاندا

2005/5/22